وەزارەتی دەرەوە پشوازی لە ئاگربەستی نێوان هیندستان و پاکستان دەکات



ئەمە شەمە ، وەزارەتی دەرەوەی عێراق، پشوازیی لە بڕیاری ئاگربەستی نێوان کۆماری هیندستان و کۆماری پاکستان کرد.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە: پشوازی کۆماری عێراق لە بڕیاری ئاگربەستی نێوان کۆماری هیندستان و کۆماری پاکستان دەردەبڕێت، کە دەستپێشخەرییەکی ئەرێنییە و پابەندبوونی هەردوولا دەردەبڕێت بۆ نزیکبوونەوەی گفتوگۆ و دیپلۆماسی وەك ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

وەزارەتەکە دووپاتی کردەوە : کە ئەم بڕیارە نوێنەرایەتی هەنگاوێکی ژیرانەیە بۆ هەورکردنەوەی گرژییەکان لە ناوچەکەدا و ڕێگە خۆش دەکات بۆ بەهێزکردنی متمانەی یەکتر و دروستکردنی پردی لێکتێگەیشتن و لێك نزیکبوونەوە، بۆ بڕز نرخاندنی ئەو هەوڵانەی بۆ گەیشتن بەم ڕێککەوتنە دراون.

ئاماژەی بۆشکرد : چارەسەری هەمیشەیی تەنها لەڕێگەی دانوستانێکی بنیاتنەر و پابەندبوون بە ڕێککەوتن و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەتوانرێت بدەستبهێنرێت، هیوای خۆی دەربڕی کە ئەم دەستپێشخەرییە وەرگیران بێت بۆ هەنگاوی پراکتیکی کە هاوکاریی ناوچەیی بەرزبکاتەوە، بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەچەسپێنێت، و گەلانی دوو وڵاتی دەست لە بەڵای ململانێ و کاردانەوەکانی

بپارێزێت، بەم شێوەیش بەشداربێت لە ئاسایشکی زیاتر و داهاتوویکی خۆشگوزەران بۆ هەموو ناوچەکە.